ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-12-2007 23:09بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## ئاستی زانستی زانکۆیەکانی حکومی (دون الیٚفر) ە ... مامۆستایەکی زانکۆی سەلاحەددین

ڕۆژی دووشەمەی 2007/11/26 سعات 11ی بەیانی کۆمەڵێك لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین لە کۆلیژە جیاجیاکان بە نیازی خۆپیشاندانێکی هێمنانە بە شێوەیەکی مەدنیانە ئەنجامدا بۆ بەر دەم سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەنیازی داواکاری پێدانی پارچە زەوی بۆ ئەو مامۆستایانەی کە ژمارەیان نزیکەی (300) مامۆستا دەبێت لە زانکۆی سەلاحەددین کەوا بەفەرمانی ئەنجومەنی وەزیران ئەم مافە وەك منحەیەك بەرامبەر بەو بڕوانامەیە هێناویانە وە دراوە بە مامۆستایانی پێشووتر بەڵام لە کۆتایی ساڵی 2004 ڕاگیراوە، بۆ ئەم مەبەستەلە پاش ئەوەی ئەم کۆمەڵە مامۆستایە هەوڵیکی زۆریان داوە بەر لە ساڵیك وچەندین ڕیوشوێنیان گرتە بەر بە بیهودە ناچار لە دواجار ئەم خۆپیشاندانەیان ئەنجام دا بۆ دیداری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پێدانی یاداشتەکەیان و بەدەمەوە هاتنیان بەڵام پاش ڕاگتنێکی زۆر تەنها ڕێدرا بە چەند مامۆستایەك وەك نوێنەری کۆلێژەکان بچنە ژوورەوە لەوێشەوە بە قسەی سەرۆکی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران کەوا سەرۆکی حکومەت لەوی نەبووە بۆیە ناچار چاویان دەکەوێت بە (د نوری) ئەویش پاش ماوەیەکی زۆر ئینجا ڕێیان پی دەدات بچنە ژوورەوە بەڵام پێش دەست پێکردنی مامۆستایان بەباسکردنی داواکاریکەیان (دنوری) دەست دەکات بە قسەکردن و ئیهانەکردنیان کەوا پێیان دەڵێت من نابوایە ڕێَم پێبدایانە بێنە ژوورەوە چونکە مۆڵەتی ئاسایشتان نییە، بەڵام چونکە مامۆستان ئەگەر نا بانگی ئاسایشم دەکرد ئینجا خۆتان دەزانن چی پیدەکردن، لەگەڵ ئەوەش (دنوری) دەیزانی کەوا مامۆسایان داوای مۆڵەتیان لە ئاسایش وەرگرتبوو بەڵَام ئاسایش پێیان وتبوون ئێوە ئەو شێوازەی کە دەیگرنەبەر ئەمەخۆپیشاندان نییە و مۆڵەتی ناوێت.

پاشان (دنوری) بەردەوام دەبێت لە قسەکردن و دەڵێت ئێوە هەر نابووایە بهاتبوونایە چونکە دەزانن زەوی دابەش کردن وەستاوە وسوودی نییە وە مامۆستای زانکۆ هیچ پێویستی بە زەوی نییە!! بۆ خۆتان زەوی بکرن چونکە مووچەی مامۆستا مووچەی وەزیرێکە؟!! من کە ئێستا مووچەی وەزیرێك وەردەگرم کە (5) ملیۆنە ئێوەش وەك منن!!! دوای ئەو زەوی پێدانە هەر فەرمانێکی هەڵەیەو ئێمە لە سەرۆکایەتی قەناعەتمان پیی نەماوە!! مامۆستا بۆ ئارەزووی خۆی دەخوێنی بۆ ئەبی زەوی پی بدرێت!! دوواتر ئەمە فەرمانێکی ڕژێمی بەعس بووە و کوردستان بەرەو گەندەڵی دەروات ئەمەش گەورەترین گەندەلی یە ئەبی نەمێنی؟!!!ئێمەش سەردەمیك دەماندا تەنها بۆ ڕانەکردنی مامۆستایان بووە بەڵام پاش یەکگرتنەوەی حکومەت کارمان پیی نەماوە؟!!دواتر باس لە ئاستی زانستی زانکۆیەکانی حکومی دەکات و دەڵێت من هیچ ئومیدم بەم زانکۆیانە نییە ئەمانە ئاستی زانستیان (دون الیٚفر) ە من تەنها ئومێدم بە زانکۆی کوردستان و... ئەهلیەکان هەیە؟!!وە دەرچوویەکی شەشەمی سەرەتایی پێشان زۆر ئاستی زانستی لە دەرچوویەکی کۆلێژی ئێستاباشترە!!!

منیش دەڵێم زۆر بەداخەوە لە ئاستێکی وابەرزی حکومیدا لێدوانی وا نابەجی بدرێت چونکە دیارە مامۆستایان بە گشتی لە ڕۆژی خەبات و تەنگانەدا چیان کەمتر نەبووە لە پێشمەرگەکانی شاخ بگرە زاتریش، دوای ڕاپەرینیش بەبی مووچە دەوام کردن و بەرزکردنەوەی درووشمی سەری بەرز بۆ مووچە شۆر ناکرێت شاهدە، بۆیەش بەڕێز سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵوێستی مامۆستایانی بە بایەخ سەیر دەکات و دەفەرمێت هەموو خەڵکی کوردستان قەرزاری مامۆستایانن. جا نازانم (دنوری) چ پلەیەکی زانستی هە یە و چەند توێژینەوەی ئنجام داوە تاوەکو ببێتە هەڵسەنگێنەر؟گەرجەنابی ئەوەندەلەخەمی زانستە ئەبووایە یەکەم کەس بێت پشتگیری لە پێدانی زەوی بکات چونکەباش دەزانێت مامۆستابە (600یا 700) هەزار دینار ناتوانێت زەوی بکڕێت و لە کاتێك لە خانووی کریدابێت وبازاڕیش روو لە گرانی بێت. بۆیە بیدەنگینوواندن بەرامبەر بەم ووتانەی (دنوری) لەلاین وەزیری خوێندنی باڵاو سەرۆکی زانکۆیەکان و مامۆستایان بە گشتی بەڵگەیە لە سەر ڕاستی لێدوانەکانی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.